

# چرکنجه

**سەباحەددین عەلی**
**لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە**
**(کەرکووک)**

چەند ڕۆژێک پێشتر بلیتم بۆ ئەو قیتارە بڕیبوو کە سەعاتێک دوای نیوەشەو لە ئاڵسەنجەق-ەوە بۆ ئەنقەرە بەڕێ دەکەوێ. بەهەر هۆیەکەوە بێ، بە ئەقڵمدا شنەی کرد، دوایین ڕۆژ لە ئیزمیر بمێنمەوە، بەپیاسە ڕابوێرم و بە قیتاری بەیانی بچمە سەلچوق و بە کەلاوەکانی ئەفەسوس - دا (١) بگەڕێم و ئێوارە دەکەمەوە و نیوەشەو لەوێوە سواری قیتاری ئەنقەرە دەبم کە هەرچۆنێک بێ بەوێدا ڕەت دەبێ و دەکەومەوە ڕێ... هەر وەهاشم کرد.

کە گەیشتمە سەلچوق، جانتاکەم بە قاوەخانەی ئەو وێستگەیە سپارد، کەبابچی و ترێ فرۆش بەردەمیان ئاپۆرەکرد بوو و یەکسەر بەڕێ کەوتم، دەمویست بەرلەوەی خۆر دەست بە سووتاندن بکا، بەم چل و پێنج خولەکە ڕێگا ببڕم، دەمویست تا ئێوارە لە کەلاوەکانی ئەم شارە مردووەدا بسووڕێمەوە، بەڵام هێشتا لە دەرگای جمنازیۆمی (٢) پیاواندا بووم، نامۆییەک بە ناخمدا شکایەوە، لە هەموو هاتنەوەیەکی ئیزمیرمدا جارێکم هەر سەر لەم کەلاوانە داوە، ، وەک بلێیی ساڵە و ساڵ خراپتر دەبن، تەنانەت ئەو مەڕمەڕانەش کە هەزاران ساڵ لەمەوپێش هەندێک لە مرۆڤان وەک مرۆڤان لەنێویاندا ژیاون، بە دەرهێنانیان لەژێر ئەو خۆڵە ژیرانەوە، کە سەدەگەلێکە داپۆشیون و پاراستوویانن وەک زیز بووبن و ڕەش هەڵگەڕابن و چڵک داپۆشیبن وابوون. مۆزاییکەکانی جمنازیۆمەکە، کە لەناویدا مرۆگەلی گیان و لەش جوانی تێدا پێگەییون، ئێستا لە ژێر سمی ئەو بزنانەدا کە یەکدی ڕاودەنێن لە هەڵوەشانەوەدا بوون. لە ناوەندی ئەو (هیپۆدرۆم)ەی (٣) شوێنی پیرۆز کردنی جەژنە بە جۆشەکان و یارییە وەرزشییەکان بووە، کۆچبەرەکان تووتنیان لێ چاندووە، لە کەناردا لەژێر کەپرێکی گەڵا وشکدا بە لەرزەوە نووستبوون. ئەو جێیی جلگۆڕینە بەرین و فێنکەی هونەرمەندە نوێنەرەکانی ئەم شانۆیەی، ئەو تراجیدیا سەراسایی و کۆمیدییانەی تێیدا پیشان دراون و سەردەمانێک ژمارەیان هەزار و سێ سەتی ڕەت کردووە و ئەمڕۆ تەنیا پەنجامان لەوانە گەیشتووەتە دەست، ئەمێستا بۆ تاک تاکەی

گەشتیاران و ئەو چەند خێزانەی لێرە نیشتەجێ بوون و شوانانی بزن ئەرکی پێشاو دەبینێ. ڕەگە ئەستوور بووەکانی ئەو تووترکانەی لە نێو پلیکانە مەرمەڕەکانی کۆڵانەکاندا سەریان هەڵداوە، ئەم بەردە سپییانەی - هەزاران ساڵ نەیانتوانیوە بیانخنکێنن - شەقار کردووە و پارچەپارچەیان دەکا. شەقامی بەرینی ئەرکادیای دوو لا بە پەیکەر، کە بەندەرە پراوپڕ لە کەشتی بە شار دەبەستەوە، ئێستاکە زۆنگاو هەموو دەشتەکەی داپۆشیوە، لەناو قامیشی دوو بەژنە پیاو بەرزدا نوقم بووە و ون بووە. دەزگا مەرمەڕینەکانی فرۆشیاریی ناوەڕاستی کۆڵانەکانی هێشتا بە ڕێکوپێکی ماونەتەوە، دوکانەکانی (ئاگۆرا)ی فرە چەشمە، (٤) پڕ بوون لە خۆڵ، لە ناویاندا دارهەنجیری کێویلە و (مێرسین) (٥) و ژاڵە و تووترک ڕوابوو. بەسەر ئەو پلیکانە زۆر تێکنەچووانەی ئەو کتێبخانەیەی بە دەیان هەزار (کاغەزی بەردی)ی سەر ڕەفەکانی مێشکەکانی پڕکردووە لەو ڕووناکی و بیرۆکەیەدا، سەرکەوتم، کە ویستم بچمە ناو مەزاری بە هیسی چرا ڕەش هەڵگەڕاوەکەی دامەزرێنەرییەوە، شەمشەمەکوێرە لە خەوی تاریکی بە ئاگا هێنراوەکان بە توورەییەوە بەر دەموچاوی مرۆ دەکەوتن. ستوونە ئەستوورەکانی ئەو پەرستگەیەی لە ڕۆژانی بنیادنانییەوە بە بوومەلەرزە ڕووخاوەکە، وەک لە توورەیی خوداوەندێک ترسابێ و کڕنووشی بردبێ. هەموو بە هەمان ڕووکار پاڵ کەوتوون و پارچەپارچە بوون. لە نێو ئەو گیایە زەردبووانەدا کە شانۆی (ئۆدیۆن)یان (٦) داپۆشیوە، مارمێلکە دەگەڕان. لە جمنازیۆمی کیژاندا تاکە شتێک بەسەر پێوە مابێ دەرگایەکی گەورەی نیوە ڕووخاوبوو. لێوەکانی نوشتاندبوو وەک بڵێ: مەچنە ژووری دەگرییێن!.

بە هەنگاوی تادەهات تیژڕەوتر دەبوون، بەو گردەدا گەرام کەلاوەکانی لێ بوو. لەبەردەمی ئەشکەوتی خاوەنانی ئەشکەوت " ئەسحابولکەهف " دا ساتێک وەستام بیرم کردەوە، چیرۆکی ئەو حەوت کرستیانەی باس لە سەتان ساڵ لە ناو گۆڕەکانی ناو ئەم چیا ڕەش ڕەشەی لاپاڵی شارێکی سپیدا نووستوون، لەم ساتەدا، وەک پەیکەرێکی ئەو پۆشاکە تاریکە هاتە پێش چاوم کە بەسەر ئەو ڕووناکییە شارستانییەی یۆنانی کۆنەی جیهانەدا دراوە، کە جارێکی دیکە نایبینێتەوە، گەرمای نیوەڕۆ باڵادەست بووبوو، کە چوومە ژێر سێبەری ئەو دارهەنجیرانەی میوە شەق بردوو و پڕ شیرەکانی خۆی لە نێو گەڵا درشتەکانیدا شاردبووەوە، تەواوێک هەستم بە برسی بوونی زگم کرد. چەند میوەیەکم لێ کردەوە و هەڵمدانە ناو دەمم، ناوەوەم حەزەکەی پتر بوو، بە نیازی ئەوەی ساتێک پێشتر زگم تێر بکەم، لە نێو تۆپەڵە گڵەکانی باخچە هەنجیرە کێڵراوەکاندا جاروبارێک بە هەڵەنگوتن، ڕێی شارۆچکەم گرتەوەبەر.

لە کۆتایی ئەو شەقامە بە دارودرەختەی بە نێوانی شوێنێکی پارکئامێز - کە دیوارەکانی دەستیان بە ڕووخان کردبوو - و قوتابخانەی سەرەتاییدا ڕەت دەبوو، بازاڕ دەستی پێ دەکرد. دوکان لە بەرانبەری پۆستەخانەی کلیل دراوەدا و هەندێک بەولایەوە، لەبەردەمی بنیادێکی کۆنکرێتی تازە بنیادنراوی لە بێ زەوقییەوە دیاربوو، چەند مێزێکی لێ بوو بە پۆشاکی نەخش دامەیی داپۆشرابوون، ویستم دابنیشم و نان بخۆم. گوتیان: - نەما - دوای بیرەم کرد، وەک شۆربا دەرچوو، بە هەزار حاڵ هێلکە بە پەنیرێکم پێیان دروست کرد، دوای ئەوەی چەند پارووەیەکم لەم خواردنە خوارد کە لە جیاتی بیبەر پەین و تۆزی با هێناوی بەسەرداکرابوو، بە قووڵی، دەستم بە بیرکردنەوە کرد: هێشتا سەعات تەنانەت دوو - ش نەبووبوو، کەواتە بۆ گەیشتنی ئەو شەمەندەفەرەی سواری دەبم، هێشتا دوازدە سەعات پتری مابوو. تا ئێوارە دەبێ چی بکەم؟ دەی سا، بە قەڵای عیسا بەگ و مزگەوتەکەی و هی دیکەدا گەڕام. با بڵێم ئێوارەم کردەوە. دوای ئەوە قسەی قۆڕی چی دەکەم، لە کوێ دادەنیشم؟ مەیخانەیەکم دۆزیبایەوە و سەرمم پێدا بکردبا، تەنانەت بچمە قاوەخانەیەکیش و بحەسێمەوە. دوای ئەم دەزگا بچووکەش بە ئەزموونی خۆم دەمزانی لە سەعات ٢٢:٤٥دا، هەموو شوێنێک دادەخرێتەوە. تا بیرم لێ دەکردەوە ئەم دوازدە سەعاتەی ماوە، بەلای منەوە وەک زیندانی بوونێکی دوانەهاتووی مەترسیدار دەستی بە دەرکەوتن کرد. لە پەرۆشیم لەجێی خۆمدا نەدەوەستام، هەڵسام و بەرەو ئێستگە بەڕێ کەوتم. کامیۆنە نیوداشتەکانی لای کەمەرە بەرزەکانی ڕۆما، کە سەیری شەکراوفرۆشەکانم دەکرد، چاوم بە پشتەکانی لای بەرانبەر کەوت. یەکسەر خۆم هاوارم بەسەر خۆمدا کرد: کورە - دەچمە چرکنجە ! - بەڵێ، باشترین چارە ئەمە

بوو، ئێستا ئەسپێک پەیدا دەکەم و دەچمە دێی چرکنجە، تا ئێوارە لەوێ دەبم، شەو لە مانگەشەودا دەگەڕێمەوە. وەک لەبیرمدا مابێ، ڕێگا سەعاتێک، سەعات و نیوێک دەخایەنێ. شەو سەعات دە بکەومە ڕێ، لە دەوروبەری دوازدەدا دەهاتمەوە کە ئەو چەند سەعاتەی دەمایەوە، هەرچۆنێک بێ بەسەردەچوو.

سەلچوق، بە ناوە کۆنەکەی، ئەم گوندە جوانە، کە دەکەوێتە پشت ئەو زنجیرە چیایەی دەکەوێتە لای باکووری شارۆچکەی ئەیاسولوغ، سی ساڵ لەمەوبەر، کە منداڵێکی هەشت نۆ ساڵان بووم، هاتم و چەند ڕۆژێکی لێ مامەوە. لەگەڵ دایکم و برا پێنج ساڵانەکەم پێکەوە، لەلای باوکمەوە کە لە چەناق قەلعەدا سەرباز بوو، دەچووینە لای باپیرم کە لە چیڤریل - دا سەرباز بوو، باوکم ئێمەی بە (گەمبۆت)ێک (٧) تا کارگەی باسووق هێنا و سواری شەمەندەفەری کردین و ئەو نامەیەی بۆ برادەرێکی لە ئیزمیردا نووسیبوو، دایە دەست دایکم و گەڕایەوە. ئەم برادەرەی باوکم دوای ئەوەی ئێمەی دوو سێ ڕۆژ بە میوانی لە ماڵیدا ڕاگرت، لە (پونت)ەوە سواری قیتاری (ئایدن)ی کردین. ئێستاکە بیری لێ دەکەمەوە، لەو سەردەمە تێکەڵوپێکەڵەدا، لەناو ئەو مەرجە بەربادانەی ڕاگوزاریدا ئافرەتێکی بێ دەسەڵاتی وەک دایکم لەگەڵ دوو منداڵی بچووکدا بۆ ئەم ڕاگوزارییە ئەمەندە درێژە چۆن دەرچوو؟ ئێستاش سەرم سوڕماوە. هەرچییەک بێ، قیتاری ئایدن ئەگەر دەستی بکەوتبا بە خەڵووز، بەڵام بە زۆری بە داری سووتاندن کاری دەکرد، ئێمەی بە بیست و چوار سەعات هێنایە ئێستگەی سەلچوق، بەڵام لەوێوە ئیدی قیتار نارِوا، تێکچوونی مەکینەکەی ڕاگەیەنرا، ئەو یوزباشییەی لە ئێستگەدا بوو، پێی ڕاگەیاندین نزیکەی چوار پێنج ڕۆژی دیکە دەتوانین بەردەوام بین، کە بەبار و دۆخی ئێمەی زانی، پێوەندی پێمانەوە کرد. هەر ڕۆژە و لە بەرەکاندا مردنی سەدان ئەفسەر، لەو ڕۆژانەدا لەناو وڵاتدا بە پەرێشانی مانەوەی سەدان خێزانی ئەفسەر، لە نێو- هاوڕێیانی چەک - یان، لەبارەی پاراستنی خێزانەکانی یەکدییانەوە وەک بەڵێننامەیەکی نەنووسراو، تەنانەت باس لێوە نەکراویش هەبێ وابوو. یوزباشیی ئێستگەکەش، هەندێکی لە کاتی کارەکەی دەست خست و هاتە لامان، تا ناردنی قیتار بۆ دەڤەری دینار و چیڤریل دەبێ چاوەڕوان بن، بەڵام ئێرە بە گرانەتایە، شوێنێکی زۆر خراپە، منداڵەکان لە گەرمان پەرێشان دەبن، دۆزینەوەی ئوتێل و موتێل لە تواناییدا نییە، با بتانبەمە چرکنجە، منداڵەکانی ئێمەش لەوێن، منیش تا کات بوار بدا بازێک دەدەم و دەچمە ئەوێ، ئەگەر نارەحەتیش بوون، کەموکووڕی ببەخشن! - دایکم دوای ئەوەی تۆزێک منگە منگی کرد، لە ئۆتۆمبیلێکی سەربازی بارکراین، دوو نەفەری سەقەتیشمان خرایە پاڵ، هێدی هێدی ڕێی چرکنجەمان گرتە بەر. ئەو هەفتەیەی لەوێ ماینەوە، لەبیر نەکراوترین ڕۆژانی منداڵیمن، دەشتەکەمان ڕەت کرد و دەستمان بە ڕێی چیا هەڵزنان کرد و نەکرد، دار زەیتوون و سنەوبەر جێی دار هەنجیریان دەگرت.

تا سەردەکەوت دیمەن جوانتر دەبوو، سەلچوقی لە گەرما دڵگوشراو، تەنانەت زۆنگاوەکانی جەللادی لانەی گرانەتاش، لە شێوەی تابلۆیەکی بریقەداری بە بۆیاخی تازە کێشراودا بە دوو لامانەوە ڕاخرابوو. جۆگەلەی پێچاوپێچ، چون شریتێکی جیوە، لە ژێر هەتاوی گەرمدا دەبووە هەڵم، تا دەریای لە ناو تەمدا نێژراو درێژ بووبووەوە... هێشتا چرکنجە... هێشتا ئەم گوندە چیاییە کە حەوت - هەشت سەت ماڵێکە. لە دوورتردا، لە پشت دار زەیتوون و دار سنەوبەردا شووشە بریقەدارە سپی چویتیی کالی خانووەکانی، ئەم شارۆچکە ڕۆمییەی دارچنارە درشتەکان سێبەریان بۆ مەیدانەکانی دەکردەوە... شوێنێکی ئەمەندە جوان، چۆن بووە ناوی - چرکنجە - (٨) یان لێ ناوە، هەر لە منداڵیمەوە سەرسامی کردووم. لە کۆڵانە پاک و خاوێن و بە پلیکانە ڕێکوپێکەکانیدا کچەکانی یوزباشی کە میوانداریی کردین و لەگەڵ منداڵە ڕۆمییەکانی گەڕەکەکە چۆن بەم لاو ئەولادا ڕامان دەکرد، ئەو گالیسکانەی لە لقە دارگێوژ و بەهێ دروستمان دەکردن بە سمە هێستر چۆنمان دەڕازاندنەوە. ئەو بەلەمانەی لە توێکڵە دار سنەوبەرمان دروست دەکردن لە جروومی (٩) ئەو چەشمانەی لە هەر گۆشەیەکدا خورە خوڕ ئاوی لێ دەڕژا، چۆن سەرئاومان خستوون. چۆن بەسەر ئەو دارە ڕەشانەدا هەڵدەزناین و ئەو گەڵایانەمان لێ دەکردنەوە و دەرخواردی بەرخەکان دەدا و لە ناو دەوەنە چرەکانەوە چۆن ترشۆکەمان کۆدەکردەوە و تا دانمان پێی ئاڵ دەبووەوە دەمانخوارد و

لێی تێر نەدەبووین، جگە لە چەند خێزانێکی ئەفسەر و فەرمانبەر کە لە گەرما و گرانەتای سەلچوق هەڵاتبوون و قاوەچییەکی گریتی کە لەساڵانێکەوە لێرە نیشتەجێ بوون، هەموو خەڵکی گوندەکە ڕۆم بوون، هەموویان لە دەشتەکەدا باخچەی هەنجیر و لە قەدپاڵی چیادا باخی زەیتوونیان هەبوو. لە بەیانیی زووی هاویندا، بە ژن و پیاوەوە، هەموو خەڵکی گوندەکە بە سواری ئەسپەوە دەچوونە دەشتەکە. هەنجیریان دەچنی و لە فێنکی ئێواراندا دیسان لە شێوەی پەلێکی درێژی سوارە بە گەمە و پێکەنینەوە دەگەڕانەوە گوندەکە. ڕووەو زستان بەری زەیتوونیشیان هەر بەو جۆرە کۆکردووەتەوە، لە دێیەکانی دەشتدا بینینی مرۆی شێوە زەرد و زگ ئاوساو لە توانستدا نەبوو، بەڕۆژ لە چۆڵبوونی گونددا، ئەوەی دەمایەوە، تەنانەت پیرەمێردی دوو قەد نوشتاوەشیان کوڵمەکانیان ئاڵ ئاڵ بوو. دوای خواردنی نانی ئێوارەیان هەموو دەڕژانە ناو کۆڵان، کیژۆڵە دەنگ نەرمەکان لەگەڵ هەرزەکارە ماندۆلین ژەنەکاندا، بە گۆرانی گوتنەوە لە شێوەی گرووپی قەڵەباڵغدا دەسووڕانەوە. کڵێسەیەکی گەورە و چوار دانە قوتابخانەی سەرەتایی و یەک جمناز(١٠)یان هەبوو. بازاڕەکانیان بە دار چنار و باخچەکانی گازینۆکانی مەیدانەکانی بە مرۆگەلی پاک و خاوێن پڕ دەبێ و جۆش دەخوا. ژن و مێرد کە لە قەڕابەیەکی جوانەوە عەرەقی خۆیان دەخۆنەوە، لە دەوروبەریاندا منداڵەکان وازی دەکەن، پیرەژنان لە خوریی ڕەشەوە ملپێچ و شتی والە دەچنن، کە سەیری ناوەوەی ماڵە یەک نهۆمییە هەمیشە دەرگا بەتاکەکانیان دەکرێ، لە ناوەڕاستی سفرەیەکی جوان داپۆشراو، مێزی دارگوێزی بە دانتێل داپۆشراو، ئاوێنەبەندی چوارچێوە هەڵکۆڵراویان بە دەوردا دەبینرێ. نێوانیان لەگەڵ گوندە تورکەکانی دەوروبەریاندا زۆر باش بوو. خۆیان بە دەوروبەریاندا ئەوەندە خۆشەویست کردبوو کە لە سەفەربیرلکدا وەک ڕۆمی ناوچەکانی دیکە بەرەو ناوەڕاستی ئەنادۆڵ ڕانەگوێزرابوون، لە شوێنەکانی خۆیاندا مابوونەوە. هەموو ئەمانەم لەپێش چاودا گیانیان بەبەردا هاتبووەوە. ئەو شتانەی لەوێ بیستبوومن کاتێک کە منداڵێکی بچووک بووم، کە ئەوێم بەجێ هێشت، ئەوەی لە ماڵەوە لەبارەی ئەوێوە باسیان لێوە کرا و ئەو قسانەم بەبیر دەهاتەوە، ئارەزووی دووبارە چوونە ئەوێ لە ناخمدا بارودۆخێکی وای ورووژاند کە بەری لێ ناگیرێ، تەنانەت ئەگەر بە بەهای دواکەوتن و قیتار لەدەستدانیش بێ. هەر دەبوو بچمە ئەم گوندە ئەفسووناوییەی منداڵیم. دۆزەکە لە دۆزینەوەی ئەسپدا بوو، لە بەرپرسی ئێستگەکەم پرسی، وەک بلێی تورکی تێ ناگا بە سەرسامی سەیری دەموچاوی کردم. سەرم لەو قاوەچییە دا کە باولەکانم لەلا دانابوو، منی کێشایە ناو پرسیار و وەڵامێکی ئەوتۆوە کە هەستم بەوە کرد گومانی سیخوڕیی لە من کردبوو، قسەکانم لە کورتی بڕییەوە، ڕێک لەم ساتانەدا پیاوێکی پیری ڕیشن و کاسکێت لەسەر، لە دەستێکیدا داردەستێکی خوار و تەسبیحێکی شووشە بە دەستەکەی کەیەوە بوو لە تەنیشتم پەیدا بوو، ڕووی نامۆ نەبوو، خۆی ناساند و گوتی:

– لەگەڵ بەڕێزی بەرزتان سێ ساڵ پێشتر لە کەلاوەکانی ئەفەس – دا سەربەرز بووبووین! ئەوجا بەبیرمدا هاتەوە، فێرکارێکی خانەنشینی قوتابخانەی سەرەتایی بوو، لە ساڵەهایەکەوە لێرە نیشتەجێ بووە. خاوەنداریێتی چەند باخێکی هەنجیری کردووە. کچەکانی لێرە بە شوو داوە، پیاوێک بوو بەپێی ڕێزمان دەدوا و چەند دێڕە شیعرێکی دیوانی تێکەڵ بە قسەکانی دەکرد و مەراقی مێژووی یۆنانی کۆن بوو. پێم وایە عەرەقیشمان پێکەوە خواردبووەوە.

ئەو بەسەرە گرتبوونی و ئەو داشۆردنەوە واتا مامناوەندییانە، بەڵام کێش و سەروا ڕێکوپێکانەی کە هەر لە سەرەک وەزیرانەوە تا قایمقامی قەزا و لەبارەی گەلێک لە خاوەن پلە و پۆستەکانەوەی نووسیبوون، یەکە یەکەی بۆ خوێندبوومەوە.

– بەخێر بێن! فەرموون با قاوەیەک بخۆینەوە! – ئەمەی گوت و لەسەر ئەو کورسییەی لەلاپەڕدا بوو دانیشت، من لە ترسی ئەوەی ئەو بەشی ڕۆژەم کە مابووەوە، بۆ دووەم جار بۆ بیستنەوەی داشۆردنەکانی ئەو تەرخان بکەم، بە هیچ شێوەیەک دانەدەنیشتم و گوتم:

– سوپاست دەکەم، بەڵام من دەمەوێ ئەسپێک پەیدا بکەم و تا چرکنجە بچم.

– بۆ چرکنجە.. پێشتر تەشریفتان بۆ ئەوێ بردووە؟ –

لە منداڵیمدا جارێک چووم، لە بیرمدا وەک گوندێکی زۆر جوان جێی کردووەتەوە، ئێستا کە بیرم کەوتەوە هەست بە ئارەزوویەک دەکەم کە هەر دەبێ بچمە ئەوێ،

بەڵام هۆیەکی چوونم پێ پەیدا ناکرێ!
– مەراق مەکە، ئێستا هەواڵ بۆ زاواکەم دەنێرم ئەسپێک ئامادە دەکا و دەینێرێ. ئێوە فەرموون بحەسێنەوە! – هەندێک وەستا، وەکو خۆی بدوێنێ، لێوەکانی دەجووڵاندەوە، دوای ئەوەی تەسبیحەکەی بزواند، ئینجا سەیری دەموچاوی کردم و گوتی: " مەعە مافیە = لەگەڵ ئەوەشدا " ئامۆژگاریی چوونە چرکنجەت ناکەم. ئێستا لەوێ جگە لە چەند خێزانێکی کۆچەر کەسی لێ نییە. بەم گەرمایە لە هیچ و خۆڕایی ماندوو دەبی!
– بایەخی نییە!
– دیسان خۆتان دەزانن... کە بڕیاری یەک جارەکیت دابێ... بە خۆتان ببینن و بڕیاری خۆتان بدەن!
کە ئەم دواقسانەی دەکرد، لە نێو ڕیشە سپییەکەی و سمێڵە بە جگەرە زەرد بووەکانیدا وەک زەردەخەنەیەکی سەیر ڕەت بووبێ وابوو، بەڵام من ئەو کاتەم نەبوو لەسەر ئەم قسانەیدا بوەستم، ئەو منداڵێکی بانگ کرد کە بەبەردەمماندا ڕەت دەبوو، بەغار ناردییە لای زاواکەی بۆ هێنانی ئەسپ، ئینجا ئاوڕی لەمن دایەوە:
– بەهەر حاڵ سەردانی کەلاوەکانتان تەشریف فەرموو، لە تۆزی پێتانەوە دیارە... چۆنتان بینی؟
– پێشتریش تێیدا گەڕاوم –
– منیش بەپێی ئەوەی پێشتر تێیدا گەڕاون، ویستم بپرسم چۆنتان بینی!
– زۆر بێ چاودێرییە... گیا و دەوەن هەموو لایەکی پێچاوەتەوە. دەترسم چەند ساڵێکی دیکە سەرلەنوێ شارەکە داپۆشرێ و بزر ببێ و نەوەی داهاتوو سەرلەنوێ دەست بە لێکۆڵینەوە و ناچاری هەڵکۆڵین بن!
بە نەرمی پێکەنی... برۆکانی بەرز کردەوە:
– ئێمە لە تێکدانی تێکچوونیشدا وەستاین ، لە فەرمانبەری تێکداندا چین؟ بەراوردت فەرموو!
بە دەستی چەپەی سمێڵی بە لایەکدا و ڕیشی بۆ خوارەوە دەست پێدا هێنا:
– هێشتا بچنە چرکنجە و وەرنەوە، یەکدی دەبینینەوە. من تا کاتی ئەژانس لەم قاوەخانەیەدام، سەردانی گۆڕستانی یادگارییەکانتان زۆری پێ ناچێ، دەتوانم موژدەت بدەمێ.
– بێ ئەوەی هەلی گوێگرتن لە قسە بە ڕێزمانییەکانی ئەو پیرە مامۆستایەم بمێنێ کە ناویم بەبیردا نەهاتەوە، ئەسپە شێیەک، کۆنە زینێکی چەرکەسیی بەسەرەوە درابوو هاتە بەردەممان. هەر کە خۆم هەڵدایە سەرپشتی، ڕێی چرکنجەم گرتەبەر، لە دەشتەکەدا ئەسپم بە تیژی تاو دا. لە دوو لاشمدا لە ژێر هەنجیرەکاندا میوە لەسەر حەسیراندا ڕاخرابوو. لە کەنار ڕێگادا منداڵگەلی کراس سپی چڵکن و بێ دەرپێ، سەر و داردەستێکیان بەدەستەوە و لە ناو تۆزی لە ناڵی ئاژەڵ بەرزبووەکەدا بزر دەبوون. کە دەستم بە سەرکەوتنی بەرزاییەکە کرد، ئەو ڕێیەی بەر لە سی ساڵ پێیدا ڕۆیشتبووم، جوانم بەبیردا هاتەوە، بەڵام ئەو ڕێگا کۆنە بەردڕێژەکە ، ئێستا تێکچووە. جێ جێ بە قۆرتی تا چۆک قووڵ پڕ بووبوو. لە دوو لامانەوە دارستانی زەیتوون لەبەر ئەوەی لە ساڵانێکەوە نەکێڵراونەتەوە گیا هەموو لایەکی پێچاوەتەوە. ئەو دارستانی سنەوبەرەی تا بەرەو چیا سەردەکەوتم دەستی پێ دەکرد، شتێکی سەیریان لێ هاتبوو، ئەوەم بینی کە لە زامەکانی نەمامە سنەوبەرە تازە بڕاوە ساوا چوار – پێنج ساڵییەکانەوە چۆڕابووەوە و پەیت بووبوو. کە لە دوورەوە و لە سەرەوە دەڕوانین دەشتی سەلچوق، جۆباری گچکە هەر وەک جارانی بە ڕەنگە بریقەدارەکانییەوە درێژ بووەتەوە، لەجێی گۆلی جەللاددا، ئێستا کێڵگەکانی توتن و کەناڵەکان دەبینرێ، بەڵام ئەم کەناڵانەی حەوت هەشت ساڵ لەمەوبەر کراونەتەوە، هەرچەند ئاو پێشێلیان دەکا، کێڵگەکانی کەنارەکانیان دەکرۆژن، سەر و پارچەیەک لە گۆشە و لایەکانیان دەبەن و دووبارە دەیانکەنەوە بە زۆنگاو. لە دەستپێکی تێکچوونی شێوەکانیان و جێ جێ لە زەلە پەیدا بووەکانەوە دیار بوو.
نامۆییەک کە لەو خەمە دەچوو بەرانبەر بارودۆخی پەرێشانی ئەفەسوس – دا هەستم پێ کرد بەناخمدا شۆڕ بووەوە، کێ دەزانێ چرکنجەش لە چ بارێکدا دەبینم.
تەنانەت ماوەیەک بیرم لە وەرچەرخاندنی ئەسپەکە و پاشەوپاش گەڕانەوەش کردەوە، بەڵام ڕێک لەم کاتەدا، هەر کە بە پێچێکدا سووڕامەوە.. نەسووڕامەوە، گوندەکەم بە ماڵە سپییە چویتییەکان و چنارە درشتەکانییەوە لە بەرانبەرمدا دیتەوە. وەک بە خواستێک شاد بووبم لە ساڵانێکەوە نەمدیبێ، دڵم خورپەی کرد. لە بەیانییەوە لە ژێر کاریگەریی ئەو

شتانەی بینیمن و بیستمن، ترسی ئەوەم لێ نیشت کە چرکنجەش لە شوێنی خۆیدا نەبینمەوە، لە کاتێکدا ئەوە چرکنجە، ڕێک وەک سی ساڵ لەمەوبەری، بە ڕووە بە پێکەنینەکەیەوە لەوێ بوو.

لە زگی ئەسپەکەم دا، کە پەتک پەتک ئارەقە بە مل و لاسمتیدا دەهاتە خوارێ. بۆ پێشەوە لار بوومەوە و چاوم نووقاندەوە، چوارناڵە خۆم بەناو دەمانی ڕابوردوو و یادەوەرییە پڕشنگدارەکانمدا هاویشت، دەموچاوی دایکم و براکەم و ئەو برادەرانەی پێکەوە وازیمان دەکرد، ڕووی ڕووناکی ئەو مرۆیانەی کۆڵانەکانیان پڕ دەکرد و هەموو پێکەوە زەردەیان دەکرد لە پێش چاوانمدا بوون. دەنگی ئەو ئاوە بریقەدارانەی دەڕژانە ناو حەوزۆکە مەڕمەڕەکانی چەشمەکان و خشپەی گەڵای دارەڕەشەکانی وەک ئەتڵەسی (١١) لەبەردەم بای کچە گۆرانیبێژەکان و ئەو کێڵگە شەونم بەسەردا باریوانەی وا لەگەڵ یەکەم خۆری بەیانیدا هەوڵی ڕابوون دەدەن لە گوێمدا بوون. بۆنی نانی تازە لە تەنوورەوە دەرهێنراو چیمەنە تازە بڕاوەکان و ئەو بایەی لە نێوان سنەوبەرەکانی سەرگردەکەوە دەخزان و دەهاتنە خوارەوە، لە لووتمدا بوون، لەو ئەسپەی لەژێرمدا بوو بەگوڕتر هەناسەم هەڵدەکێشا، ڕاست بوومەوە و چاوەکانم کردەوە. جڵەوەکەم هێند بە توندی کێشا، گیانلەبەرەکە سەری بە توندی خستە دواوە بەر سنگم کەوت. بە ژانی ئەمەوە بوو، یان بە کاریگەریی دیمەنەکەوە بوو؟ نازانم. لەپڕ سەرم سووڕایەوە. سەرسام بووم، بۆ ئەوەی نەگلێم، یەکسەر دابەزیم و نێوچاوانم نایە سەر زەوی و ماوەیەک نەجووڵامەوە. کە هەندێک هاتمەوە سەرخۆم، جڵەوەکانم بە ئانیشکمدا پێچایەوە و هێدی هێدی چوومە ناو دێ.

ئێرە ئەو شوێنە نییە کە سی ساڵ لەمەوبەر بینیومە و لە ناویدا جوانترینی ڕۆژانم بەسەر بردووە. ئەمەی لەلای دەستەڕاستمدایە چوار دیواری بەرزی بێ دەرگا و پەنجەرە، بێ میچ، نابێ ئەو شوێنە ئەو قوتابخانەیە بێ کە سەردەمانێک سەتان منداڵ لە باخچەکەیدا یارییان دەکرد. لە بنی ئەم دارچنارە مەزنەی لە بەردەممدایە ئەوهالە لە ناو زۆنگاوێکدا کەڵەکە بەردێک نەبوو، چەشمەیەکی چوار چاوگە ئاوی بوو.

سەرتاپای گوندەکە گەڕام، لەم شارۆچکە گچکە هەشت سەت ماڵییەدا ئێستا، بەڵکو تەنانەت پەنجا خێزانیشی لێ دانانیشن. لێرەدا کۆچەران کە لە جێی ڕاگوێزراوان نیشتەجێ بوون، لەبەر ئەوەی تووتنەوانن، هەنجیرەکان و زەیتوونەکانیان وەک بەبێ بەرانبەریان دابێ، هەرزانفرۆش کردووە، تەنانەت هەندێک لە دارەکانیان بە زستان بۆ سووتەمەنی بڕیوەتەوە، ئینجا هەر یەکەیان بەلایەکدا بڵاوەیان لێ کردووە. مرۆڤێکی لێ دیار نەبوو، لەو کۆڵانانەدا کە نزیکەی بیست ساڵێک دەبێ دەستی بەر نەکەوتبێ و بە پەین و زبڵ و پلیکانەکان وایان لێ هاتووە نەبینرێن. جاروبار منداڵێک پەیدا دەبێ لەبەر چڵک، ڕەنگی چاوەکانی دیار نین کە چاوی بە ڕەت بوونی بیانییەک دەکەوێ، هەر کە پەتی ئەو بزنەی لە دوایەوە هەوڵی ڕاکێشانی دەدا بەردەدا و بزر دەبێ، ئەو خانووانەی ساڵانێکە بە بەتاڵی ماونەتەوە نە دەرگە و نە پەنجەرەکانی، تەنانەت ڕایەخەکانیشیان نەماوە، تەنانەت خاوەنانی خانووە هەشت نۆ ژوورییە گەورە و گرانەکەش، پەنجەرەی ژوورێکی سەر زەوییان بە تەختەی بزمارڕێژ گرتووە و لەناویدا کۆبوونەتەوە. دەرگەی دۆڵابەکانی ژوورەکانی دیکە، تەنانەت چوارچێوەکانیشیان هەموو بەشە تەختەکانیان بە زستان لێ کردووەتەوە و سووتاندوویانن. لە کەشی بەفراویدا بەرانبەر تەوەزەلیی پیرۆزی ڕێگری چوونە دارستانی سنەوبەری چەند سەت مەترێکی ئەولاتر هەستم بە مەترسی کرد و درێژەم بە گەڕان دا. هەستم بەو چاوە ترسۆکانە دەکرد کە لە پشت دەرگای هەندێک لەو ماڵانەی مرۆیان تێدایە، یانیش لە نێوان ئەو تەختانەی بە پەنجەرەکانەوەن، هەر ساتە و یەکێکیان بە یەخەمەوە دەلکێ وەک بە گومانەوە لێم بپرسێتەوە:

– کاری چیت هەیە لێرە؟ ڕێم دەکرد.

ماڵی ئەو یوزباشییەم دیتەوە کە سەردەمانێک میوانداریی لێمان کرد بوو. پیرەمێردێک لە سەر پلیکانەی بەردەرگادا چیچکەی کردبوو، پرسیم:

– لێرەدا، ئێوە دادەنیشن؟

– دوای ئەوەی بە دوورودرێژی سەیری دەموچاوی کردم لە جیاتی – بەڵێ – سەری لەقاندەوە و گوتی:

– ئا!.

– لە سەفەربەردا ئێمەش لێرە دادەنیشتین، دەکرێ بە ژوورەوەدا بگەڕێم.

دیسان سەیری دەموچاوی کردم، لە سەرتاپام ورد

بووەوە. گوتی:
– بگەڕێ، چی تێدایە! لە جێی خۆی هەڵسا، لە نهۆمی یەکەمدا، دوای ئەوەی دەرگەی دەستە ڕاستی پێوە دا کەوتە پێشم. لە کەلوپەلە کۆنەکانی ماڵەکە تاکە شتێک لەو ناوەدا مابووەوە، ئاوێنەیەکی گەورەی کۆنسۆل بوو. (١٢) ئەویش چوارچێوەکەی شکاو و لێکهەڵوەشابووەوە. جێ جێ دەرمانە ئاوێنەکەی هەڵوەریبوو. پەرژینی تەنیشتەکانی پلیکانەکەی بۆ نهۆمی سەرەوە دەچوو هەڵوەشابوونەوە. پیرەمێردەکە گوتی:
– سەرەوە هیچی لێ نییە، سەیری چی دەکەی؟ و لە پلیکانەی یەکەمدا وەستا. من درۆیەکم هەڵدا:
– با وابێ.. منداڵیم لەم ماڵەدا بەسەر چووە!.
– خۆت دەزانی!
ژوورەکانی سەرەوەش هەموو دەرگاکانی، پەنجەرەکانی دەرهێنرابوون، بەڵام دەست لە ڕایەخەکان نەدرابوو، هەموو دیوارەکان، تەنانەت میچەکانیش، وەک بڵێی بە کوڵنگ وەشاندنەوە ڕووخێنراون، کون کرابوون. بە شڵەژاوی سەیری پیرەمێردەکەی تەکم کرد و پرسیم:
– ئێرانە چییان لێ هاتووە؟
– ئەوانەی بەر لە ئێمە هاتوون بە دوای پارەدا گەڕاون... گاورە بێناموسەکان پارەکانیان لە کوێ شاردووەتەوە، نازانرێ.
زەوییەکان پڕ بوون لە پشقلی بزن و مەڕ. پیرەمێرد ئەمەشی ڕوون کردەوە:
– ڕۆژانی زستان نهۆمەکانی سەرەوە سارد دەبن. ئێمە لە خوارەوە دادەنیشین، ئاژەڵەکان بێرەدا دەکەین، پەنجەرەکانیش یەکەو جەواڵێکیان پێدا هەڵدەواسین. چی دەکەی، هەژارییە.
– لێرە چی دەکا.. لەم دێیە نا، بۆچی لە سەلچوقیشدا چەند کەس هەیە داری هەبن... هەژارییە..
– ئێوە زەیتوون و هەنجیرتان نییە؟
لێرە چ دەکا... نەک هەر لەم دێیە، تەنانەت ئەوەی لە سەلچوق – یشدا ئەوانەی درەختیان هەیە چەند کەسێکن... ئیدی هەژارییە... ئێمە فرۆشتمان... لە دەستی سێ چوار بەگێکدا خڕ بووەوە... ئێمە بۆ کارکردن دەچینە لایان... ویستم لە پەنجەرەوە لە باخچە بڕوانم، چاوەکانم لە خۆیانەوە نووقانەوە. لە کۆندا دارە قەیسی و هەڵووژە سەرە سەرە ڕیزیان بەستبوو، لە ناوەڕاستیاندا نەمامە دار شمشیر (١٣) ڕاست و ڕەوان دیوار ئاسایی بەرز بووبوونەوە. گوڵە سپییەکان وەک هەڵواسراوەکان دیواری ماڵەکەیان داپۆشیبوو، لەو باخچەیەدا کە ڕێییەکانی چەوریێژ بوو، ئێستە لە گۆشەیەکدا پرسەبارە و لە کۆمەڵێکی کولانە مریشک بەولاوە، کە لە پاشماوەی دەرگا کۆنەکانەوە دروست کراون، هیچی دیکەی لێ نییە. درێژەم نەدایێ ماڵئاواییەکی سادەم لە پیرەمێرد کرد و دوو دوو لە پلیکانەکانەوە هاتمە خوارەوە و خۆم هەڵدایەوە ناو کۆڵان. کە من ڕەت دەبووم، دەرگای ئەو ژوورەی ئافرەتانی لێ بوون هەندێک ترازان، منداڵێکی چوار – پێنج ساڵەی پرچ زەردی سپیباو، دەموچاو سوور، دان ڕەش، دوو هێلکە چڵم لە سەر لێوی سەرەوەیدا تۆزاوی بوون و روویان لە وشک بوونەوە کردووە، وەک گەمەم پێ بکا لێی ڕوانیم، ئینجا ڕای کردە ژوورەوە. وەک بڵێی لەم ساتەدا هەموو ماندووبوونی ئەمڕۆم بەسەردا کەڵەکە بووبێ، چۆکەکانم دەلەرزین. هەموو لایەکم تا دەگەیشتە سەر شانم ژانی دەکرد. ناو سەرم وڕە وڕی بوو، جڵەوەکانم لە قۆڵم ئاڵاند و ڕێم کرد. لە ڕێییەکاندا، بە مریشکەکانیشەوە، لە پیسایی هەر جۆرە ئاژەڵێک، لە توێکڵە شامی و کاڵەک، زبڵی چەشناوچەشن، جێی هەنگاونانی لێ نییە. چاڵە پێشاوەکانی ماڵان پڕ بوون، ئیدی هێندەیان نەماوە بەکار نەیێن، چڵکاو لەو کونانەوە کە لەژێر دەرگاکانەوە کراونەتەوە بە کۆڵاندا دەڕژێ. لەوێ لەژێر ئەو پیساییانەی دێنەڕێی، بزر دەبێ و بۆنێکی تیژ و یەخەگیر بەو ناوەدا بڵاودەکاتەوە.
لە گۆشەیەکی ئەو مەیدانە بەرینە بەدارچنارەی، جاران چوار پێنج گازینۆ دەیانڕازاندەوە، قاوەخانەیەکی بچووکم بەرچاو کەوت، دوو مێزی لە تەنەکە دروست کراوی لە بەردەمدا دانرابوو. بۆ نزیکەی نیو سەعات حەسانەوە چوومە ئەوێ، ئاژەڵەکەم بە دارێکەوە بەست و لە سەر یەکێک لە تەختە بێ پشتەکاندا دانیشتم. بەژن درێژێکی سمێڵ درێژ، پیاوێکی لەبەر پیری پشت هەندێک کۆماوە، لە قاوەخانەی تاریکەوە هاتە دەرێ، دوای ئەوەی بەباشی لە سەرەوە تا خوارەوە لێم ورد بووەوە، مشتە زۆر درشتەکانی لەسەر مێزەکە دانا، وەک ئەوەی پێم بڵێ: چ کارت لێرەدا هەیە؟ لێمی پرسی:

– قاوه؟
– بەڵێ، ساده بێ!
بە خشاندنەوەی پاپۆشەکانی ڕۆی، هەندێکی کە بە دوو فنجان قاوەوە هات، بەخۆشی کورسییەکی ڕاکێشا و بەرانبەرم دانیشت.
– خێره؟ بۆ کار هاتوون؟
ئەوجا وەک ئەم کابرایەم بەبیردا هاتبێتەوە وابوو، لە جیاتی ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەی بدەمەوە، یەکسەر لەجێی خۆمەوە هەڵبەزیم، گوتم:
– ئێوە لە کەیەوە لەم دێیەدان؟
– بەلای کەمەوە پەنجا ساڵ دەبێ.. باوکم کە لەم دێیەدا نیشتەجێ بوو، تەمەنم پازده ساڵ دەبوو.. ئەوهاله.. پەنجا ساڵ دەبێ، ئێستا ئەوم بەتەواوی بەبیردا هاتەوە. سی ساڵ لەمەوبەر تاکە موسڵمانێک کە لەم دێیە دادەنیشت، ئەم قاوەچییە کریتییە بوو. ئەویش ئەو یویزباشییەی میوانداریی کردبووین و منداڵەکانی، تەنانەت منیش و براکەشمی بەبیردا هاتەوە، کە تێگەیی بە دوای چ خەیاڵێک کەوتووم و هاتوومەتە ئێره، چاوی بریبە دەموچاوم، بێ ئەوەی هیچ شتێک بڵێ. ئەویش وەک ئەوەی ویستبێتی هەر بەدوای ئەو خەیاڵانەدا بگەڕێ و بیاندۆزێتەوە، کەوتە بیرکردنەوە. وەک دوو مرۆی خەمباری ژوور سەری مردوویەکی خۆشەویست، بە خۆ لە قسە بەدوورگرتنەوە، نزیکەی سەعاتێک بەرانبەر یەکدی ڕۆنیشتین. ئاژەڵێ سێ چوار هەنگاو لەولاتردا کە دەجووڵایەوە، ئەو دەنگە توند و بەهێزانەی ناڵەکانی لە بەردی بەردرێژیان دەردەکرد، هەروەها لەو خشپە نەرمەی چڵە بەرزەکانی چنارە مەزنەکان بەولاوە، ناوەندەکە چرپەی تێدانەبوو. کە بۆ ڕۆیشتن ڕاست بوومەوە خۆم ڕانەگرت، پتر لەگەڵ خۆم بووم و منگەمنگێکم کرد:
– هەر شوێنێک بکەوێتە دەست ئێمە دەبێ وای لێ بێ!
ئەوەی بەرانبەرم، وەک سووکایەتی پێ کرابێ کە سەرنجێکی توندی بە ڕوومدا دەهاویشت، یەکسەر هاواری کرد:
– ئێمە گوناهمان چییە؟ بە دەست ئاماژەی بۆ کورسییەکەی لەسەریدا دانیشتبووم کرد، وەک منداڵێکی گوناهبار یەکسەر دانیشتمەوە، ئەو نیگای ڕەقی، بەڵام لەهەمان کاتدا تێراماوی هەموو لەسەرمدا چڕ کردبووەوە، درێژەی دایێ:
– ئەوانەی هێنراویشنەتە ئێره ئەوانیش گوناهیان نییە. تووتنەوانانی ئیسکەچە و کەڤاڵەش ... چی لە زەیتوون و هەنجیر تێدەگەن؟ ئەوەی دار بێ چاودێری دەوێ، خەرجی دەوێ... خێر و بێرەکەی دەداتە یەکێک بەهای نەزانێ؟ کۆچەرەکان کە دوو ساڵی یەک لەدوای یەک بەرهەمیان دەست نەکەوت، یان بڕییاننەوە، یانیش فرۆشتیاننەوە... نەزانی و هەژاری یەکیان گرتووەتەوە. موڵکی سوڵتان سولەیمان پەرت و بڵاو بووەتەوە، چونکە کاروباری زەوی خستنە بەر دەست، ساڵانێک درێژەیان کێشا، دلاوەرانی جیهان گەڕانەوە، زۆربەی ئەوانەی هاتنەوە بێ مەتەلیک بوون (١٤)، کە نەیانتوانی پارە دەرخوارد بدەن و کارەکانیان بە جێبەجێ کردن بدەن، هەر یەکەیان بەلایەکدا بڵاو بوونەوە... دەبێ چی ڕوو بدا؟ ئەو پیاوەی لە ڕومێلیدا کێڵگەیەکی گەورەی جێهێشت، تەنانەت سەت دارە زەیتوونیشی بەرنەکەوت. ئەوەی لە دێیەکەی خۆیدا پشتێکی هەبوو، لێره خۆی کرده خاوەنی سێ کارگە. ئەوەی تۆ تێی بگەی ئەوەی مافی هەبوو نەیتوانی وەربیگرێ، ئەوەی مافی نەبوو هەزارانی وەرگرت، بەڵام یارمەتیدانی ئەوان؟ لەکوێوە دێ! بەهای سامانی بێ زەحمەت دەستکەوتوویان نەزانی، بە بەهای نەبوو لەدەستیان دەرکرد. ئێرانە لەکۆنەوە یەک دوو دەرەبەگیان هەبوو، بەشێکیان لە ئیزمیر و بەشێکیان لە ئەنقەره دادەنیشتن... ئەوان هەموویان داگیر کرد... لە سامانی خاوەن نادیار " ئەموالی مەترووکە "وە داریان بە دە قرووش و دار زەیتوونیان بە پازده قرووش و باخچەی هەنجیریان کڕی.. ئەوەی سەرسەختی کرد و گوتی: " ماڵی خۆم نافرۆشم! " لە کۆتاییدا ملی دانەواند. چی بکا؟ پارەش و دەوڵەتیش بەدەس ئاغاکانەوەن. لەگەڵ ئەمانە دەکرێ؟ تا وەستاکان نەیانەوێ، کەس کرێکاری بۆ کۆکردنەوەی میوەکانی دەست ناکەوێ. ئەگەر ماڵ و منداڵ خۆیان کۆی بکەنەوە، کارگەی پێ نادۆزرێتەوە ڕۆنیان دەربکا. بەرایی بەری چوار ساڵی، دواتر ڕەگەکەی دەفرۆشێتەوە. سەرهەڵدەگرێ و دەڕوا.
وەک بیەوێ مێزه تەنەکەکەی بەردەمی تێک بشکێنێ، مشتی لە مێزەکەی بەردەمی دا. ماوەیەکی زۆر چاوەکانی بە دەوروبەردا گێڕایەوە، دواتر درێژەی دایێ:
– ئێره لە کۆنەوە چی بوو، ئێستا بووە چی! بەڵام هۆی

هەیە. لەکۆندا هەموو کەسێکی دانیشتووی ئێرە بەپێی خۆی سامانی هەبوو، لە هەنجیر و زەیتوون هەر چییەکی وەردەگرت لێرە دەیخوارد، لێرەی دادەنا، هەموو بەروبوومی ئەم کێوانەی تۆ دەیانبینی، پێدەشتەکان لێرە دەمایەوە، ئێستا ئەو بەگانەی خاوەنانی ئێرەن، هەرچییەک وەردەگرن دەیانبەنە شوێنی دیکە، تەلار دەچەقێنن، کۆشک دەکرن، ئۆتۆمبێلان، لە ژنانی خەرج دەکەن، ئەوەی بۆ کرێی کار لێرەی دادەنێن، هەزار یەکی ئەوە ناگرێتەوە کە وەری دەگرن. ئەوانی دیکەش لەگەڵ ئەمەدا ئیدی ئەمەندە گوزەران دەکەن... ئیدی ئەو چرکنجەیەی تۆ دەیناسی بەم بارە دەگا... بەوەی کە شوێنانی وەک بەهەشت وێران بوون. لە ناو گاوراندا لە " کەرامەت " و لە ناو موسڵمانانیشدا لە " بەدکاری " مەگەڕێ! لەکۆنەوە خاوەنانی ئێرە لێرە دەژیان، لێرە کاریان دەکرد. تۆ یەخەگیری ئەو بەگانە بە، شاری بەخاوەنی بەبێ خاوەن کردووە... جارێکی کەش بەو شێوەیەی ئێستا قسەت کرد قسە مەکە... " هەر شوێنێک بکەوێتە دەست ئێمە دەبێ وای لێ بێ؟ " ئێرە دەست ئێمە کەوتووە کە..؟ مەراق مەکە، هیچ شتێک نەکەوتووەتە دەست میللەت، پێدەشتەکان، چیاکان لە دەستی سێ چوار هەلپەرستدا کۆبووەتەوە... هەر ئەوەندە.

لە جێی خۆیەوە ڕابوو، سەیرێکی بەردەمی خۆی کرد و تۆزێک وەستا، ئینجا بەدەم گوتنی - دەی هەر شاد بی! - بەوە چووە ناو قاوەخانەکەوە. ئەسپەکەم، لەو جێیەدا بەستبوومەوە، دەستی بە بەدخوویی کردبوو، کردمەوە، خۆم هەڵدایەوە سەر زینە چەرکەسییەکەی و لەو شوێنەوە کە لێیەوە هاتبووم، گەڕامەوە. هەوڵم دەدا چاوەکانم لە ناوەڕاستی دوو گوێی ئاژەڵەکەوە لا نەبەم. تا بەناو پێدەشتدا شۆڕ بوومەوە بیرم لە چی و چی کردەوە، نایەتەوە یادم. لە ژیانمدا ساتێک نەبووە ناو کەللەم تا ئەم ڕادەیە بەتاڵ بووبێ. بەر لەوەی بگەمە سەلچوق، لە ڕێگە تۆزاوییەکاندا، بە دەستە ڕاست و بە لای چەپدا سووڕامەوە، هەندێ جار ئازادیم بە ئەسپەکە خۆی دەدا، جاروبارێک شێتانە دەمڕانی. کۆتایی، لە بارودۆخێکدا هەموو لەشم دەنووزایەوە، گەڕامەوە ئێستگە. کات دەبوو زۆر باش بۆ پێشەوە چووبایە. لە قاوەخانەی ئێستگەدا دوو سێ کەس دانیشتبوون، دۆمینەیان دەکرد. مامۆستا پیرەکە لە گۆشەیەکدا، چەناگەی بە گۆپاڵەکەیەوە نابوو، وەک خەوی لێ کەوتبێ. کە گوێی لە دەنگەکانی ناڵی ئەسپەکە بوو ڕاست بووەوە، چەند هەنگاوێک بەرەو من هات، کە خۆم هەڵدایەوە سەر زەوی، جڵەوەکەی لەدەستم وەرگرت. ڕادەستی شاگردی قاوەخانەی کرد.

- هەندێکی بسووڕێنە با بحەسێتەوە... ئینجا دەیبەیتەوە ماڵەوە! بە وەجاخیش بڵێ دوو قاوەی سادەمان بۆ ئامادە بکا...

ماوەیەک لەسەر مێزەکەدا دانیشتین بێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکەین، یەکەم کەس بێ دەنگی شکاند ئەو بوو:

- چۆن بوو؟ چرکنجەتان بینی؟

- بەڵێ، بینیم! هەستم بەوە کرد کە ئەم قسانەم وەک جوێن لە دەممەوە دەرچوون. بەوەی کە نەک دڵی پیاوەم شکاندبێ، سەیری دەموچاویم کرد، وەک ئەو دەمەی بەمنی گوت:

- بەخۆتان بیبینن و بڕیاری خۆتان بدەن -

- خەندەیەکی سەیری هەبوو، بە گرانی ڕاست بووەوە:

- یارمەتی بەندە بدەن.. تەمەن بەرەو پێشەوە چوو، خەو دایگرتین، قاوەچیش چراکانی کوژاندەوە، ئەمە ڕووگرژی دەگەیەنێ... لەگەڵ ئەوەشدا ئێوە ڕێبوارن، تا کاتی قیتار چاوەڕوان دەبن، ڕاستییەکەشی هیچ نەما - لەسەر ڕۆیشتن بوو وەستا، دیسان ڕووی لەمن کردەوە گوتی:

- ئەگەر یارمەتی بفەرموون، بۆم نییە بەڕێزی بەرزتان لەبارەی شتێکەوە ئاگادار بکەمەوە، ئەو گوندەی هاتن و شانازیتان پێ بەخشی و هێشتا بە چرکنجەی ناو دەبەن. لەکاتێکدا ئیدی ئەوەرە بە چرکنجە ناو نابرێ، قایمقامی قەزا لەگەڵ سەرانی پارتی دەسەڵاتدار، لە سەردەمی کۆماریدا هێشتنەوەی ناوی گۆشەیەکی وەها جوانی نیشتیمان بە چرکنجە بە شایستە نەزانی، بە سەردانی وەزارەتی ناوخۆ پێیان گۆڕین، ئێستا ناوی ئەوێ شیرینجە - یە .. بەڵێ.. شیرینجە... (١٥) (١٦)

دیسان گەڕایەوە دواوە، منی لە ئێستگەی هەموو چراکانی کوژاوەدا بەتاکی تەنیا جێ هێشت، بە خشاندنەوەی گۆپاڵەکەی دوور کەوتەوە.

**١٩٤٧**

**پەراوێزەکانی وەرگێڕ:**

(١) ئەفەسوس: شوێنەواری یەکێک لە گەورەترین شارە گریکییە کۆنەکانی خۆراوای ئەنادۆڵی ناوچەی لیدیایە.

(٢) جمنازیۆم: جێی وەرزش و پەروەردەکردنی لەش لەلای گریک و ڕۆمانییە کۆنەکاندا.

(٣) هیپۆدروم: مەیدانی جریدبازی لەلای گریک و ڕۆمانییە کۆنەکاندا.

(٤) چەشمە: سەرچاوە، حەوزێکی گەورەی سەرداپۆشراو، شێرەیەک، یان پتری هەبووە بۆ سوودی گشتی بە شێوەی جوان دروست دەکران.

(٥) مێرسین: ناوی ڕووەکێکە، کوردییەکەیم بۆ نەدۆزرایەوە.

(٦) ئۆدیۆن: بنیادی سەرگیراو بۆ پێشکەش کردنی شانۆگەری و کۆنسێرت و هی دیکە پێشکەش کردن.

(٧) گەمبۆت: کەشتییەکی جەنگیی گچکە بووە چەند تۆپێکی بە سەرەوە هەبووە.

(٨) چرکنجە: واتە ناشرینۆکە، ناوێک بووە لە شوێنەواری شاری ئەفەسوس نراوە.

(٩) جرووم: حەوزی گچکە گچکەی بەردەمی شێرەی ئاوی چەشمە و حەمامەکان.

(١٠) جمناز: یانەی وەرزش.

(١١) ئەتلەس: کاڵایەکی ئاوریشمینی سفت چنراوی ڕووبریقەدارە.

(١٢) کۆنسۆل: پارچە مۆبیلیایەکە ئاوێنەی لەسەر چەسپێنراوە.

(١٣) شمشیر: ناوی دارێکە کوردییەکەیم نەزانی چییە.

(١٤) مەتالیک پارچە پارەیەک بووە لە سەردەمی عوسمانیدا بەکار هێنراوە.

(١٥) شیرینجە: واتە شیرینۆکە، هاودژی چرکنجە.

(١٦) حەزێکم لەوە بوو ئەم پارچەیە بەم شێوەیەی خوارەوە هەر بە زمانە کلاسیکەکە وەرگێڕم، بۆ ئەوەی نزیکتری بخەمەوە لە شێوەی دەقە ڕەسەنەکە.

(زاتی عالیتان حەددم نەبێ لە خسووسێکدا تەنویرتان بکەم. ئەو گوندەی تەشریفتان بۆ فەرموو هێشتا بە چرکنجەی ناو دەبەن. لەکاتێکدا ئەورە ئیدی بە چرکنجە تەسمییە ناکرێ، قایمقامی قەزا لەگەڵ ئەرکانی پارتی لە دەوری جومهوورییەتدا هێشتنەوەی ناوی گۆشەیەکی وەها جوانی وەتەنییان بە چرکنجە بە موافیق نەزانی، بە موراجەعەتی وەکالەتی داخلییە پێیان گۆڕین، ئێستاکە ئیسمی ئەوێ شیرینجەیە.. بەڵێ.. شیرینجە..)

**سەرچاوە:**

سەباحەددین عەلی – کۆی کارەکانی، ب ٢ – کۆمەڵە چیرۆکی " سرچە کوێشک " – چیرۆکی: چرکنجە.

**SABAHATT?N ALI - Bütün Öyküleri**
**II - SIRÇA KÖSK - Çirkinc**